# ژنانی فنلندو عێراق پێکەوە ڕێزیان گرت لە ڕۆژی جیهان ژن لە شاری هلسنکی

ڕێکخراوی ژنانی عیراق لە فنلنداو تۆڕی ژنانی دیموکراتی فنلند –هلسنکی پێکەوە لە ڕۆژی 8ی مارسدا لە شاری هلسنکی مەراسمێکیان سازد کرد بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنەوە. سەرەتا ئالا فەرەج نوێنەری ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق، قسەوباسیکی پێش کەش بە ئامادە بوان کرد بە زمانی فنلندی ( لەخوارەوە دەقی قسەوباسەکە هاتووە).

پاشان رەزای کەمانگر هەڵسوراوی چالاکی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە بەشێك لە قسەوباسەکەیدا ووتی" ئێوە سەیری ژنانی ئێران مەکەن کە حیجابیان بە زۆرو بە کوتەك لەسەرکراوە. ئەمرۆ شەپۆلێکی هێجگار فراوان بەرێوەیە دژ بە ستەمو چەوسانەوەیەك کە دەرحەق بە ژنان دەکریت. تەماشای زانکۆی تاران بکەن، تەماشای دروشمەکانیان بکەن لە ئازادیو بەرابەری ... ئەمە شەپۆلیکی نوێیە..."."

دواتر توتی کۆتیلاینێن Tytti Kotolainen لێپرسراوی تۆری ژنانی دیموکراسی هیلسنکی تەئکیدی لە وە کردەوە کە "مافەکانی ژنان جیهانین و ژنان لەهەرشوینیکی ئەم دنیایە بن ئەبیت لە هەمان مافیان بەهرەمەند بن و ووتی ئەمە شورەیەیە کە لەم سەردەمەدا ئیمە لە پاکستان و بەنگلادش و وولاتانی رۆژهەلات ئەو فەرقە گەورەیە ئەبینین لە نیو ژن و پیاودا و ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەل مافی ژنانی فنلاندیدا و هەرچەندە ئیمەش هیشتا ریگای خەباتمان دورو دریژە بۆ بەدەستهینانی کریی یەکسانی بۆ کاری یەکسان ....."."

دوای تەواو بونی قسەوباسەکان بەشی دووەمی ڕێز گرتن لە ڕۆژی جیهانیژن دەستپێکرد کە بریتی بوو لە ئاهەنگێکی قەشەنگی سەماو هەڵپەرکێو میوزیکی جۆراوجۆری کوردیو روسیو فنلندیوشیعر خوێندنەوەو... ئەمەو بەگشتی ریز لێنان لەم رۆژە دووکاتژمێرو نیوی خایاندو لە نیو چەپلەی گەرموگوڕی ئامادەبواندا کۆتایی پێهات.

دەقی قسەوباسی ئالا فەرەج

## پیرۆزبایی گەرمی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن تان لیٚ بێتو بەخیر بین بۆ مەراسیمەکەمان

ئەمرۆژە بەپیٚی پێناسەی خۆی ڕۆژی خەباتو یەکگرتوبونو ریکخراوبونی ژنانو ئینسانە ئازادیخوازەکانە دژ بە چەوسانەوەو ستەمیك کە لە ژنان دەکریت. ڕۆژی بەرزکردنەوەی دەنگی ئیمەیە لەپیناو یەکسانی هەمەلایەنەی نیوان ژنو پیاودا. ڕۆژی تورهەلدانی فەرهەنگی کۆنەپەرستانەو پیاوسالارانەو ناموس پەرستانەی ئیسلامی سیاسیو قەومپەرستییە.

ئەمرۆ لە عێراقدا ژنانی یەکسانیخواز و ئینسانو لایەنە پێشکەوتنخوازەکان، بەهۆی داگیرکاری ئەمەریکاو شەریکی توندی تائیفیو شەری تیرۆریستی نیوان ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسیەوە، نەك ناتوانن چالاکیو خەباتی خۆیان بخەنە گەر بەلکو هاتنە دەرەوە لەمالەوە بۆتە خەتەریکی ئەمنی گەورە بۆسەر گیانی ئینسانەکان... ئەمرۆ بەهوی داگیرکاری ئەمەریکاوە ئیسلامی سیاسی بۆتە گەورەترین دەسەلاتی ناوچەکە، دەسەلاتیك کە شمشێری ئامادەی بۆ قەتلو عامی ژنان داناوە. ئەمرۆ هیچ شتیك لەوە پوچ تر نیە کە کەسیك باوەری مابیت بە ئیدعا پوچەکانی بۆشو ئیدارەکەی سەبارەت بە ئازادی بۆ عیراقو روخانی دیکتاتۆر... ئەمرۆ" دیموکراتی بۆش" مانای کوشتنی ژنانە، بۆتە لێسەندنەوەی مافەکانیانە، مانای جیاکردنەوەی ژنانە لەسەرپایەیی ئاینیو تائیفەی دینی سوننیو شیعی ودواتر ر مەسیحیو موسلمانو یەزیدی، ئەو دیموکراتەیە یەکپارچە خوێنی لێدەتکێتو رۆژانە سەدان کەس دەبنە قوربانی... کەلەم نیوەدا ژنانی عیراق قوربانیانی یەکەمی ئەم هەلومەرجە سەختەی نا ئەمنیو شەری تائیفیو شەری تیرۆریستین. هەلومەرجی کۆمەلگا بەشیوەیەکی لیهاتوە، کە مافەکانی ژنان بونەتە قوربانیو دەسەلاتی بەغداش زیاترو زیاتر بیمافی ژنانی کردۆتە حالەتێکی باوو فراوان.

دەرکەوتنی ژنان لە نیو بازار، چونی مندالانی کچ بۆ قوتابخانەکان تا رادەیەکی هیجگار زۆر کەم بۆتەوە، ئیستا ریژەی ئەو کچانەی کە لەتەمەمنی خویندنی سەرەتایدانو ناچنەوە بۆ قوتابخانە لە زۆر جیکا دەکاتە سەدا چل کە ریژەیەکی خەتارنەکە بەتایبەت کە عیراق یەکیك بوو لەو وولاتانەی کە کە خویندەواری لە ئاستیکی بالادا بوو. زۆربەی زۆری کچان ناتوانن بچنەوە بۆ زانکۆو قوتابخانەی ئامادەیی لە ترسی ئیسلامی سیاسیو عەصابەکانیو فرقەکانی کوشتن، حکومەتی بەغداش هەر خەریکی دابەشکردنی سەروەتو سامانی کۆمەلگان لەنیوان خۆیاندا.

ئەمرۆ ژنانی عیراق پیویسیتان بە ئیوە هەیە، کۆمەکی سیاسیو مەعنەویو ماددیان بکەن. ژنانیکی زۆر لەترسی شمشیری کوشتن خۆیان شاردۆتەوەو جیگایەکیان نیە کە گیانی خۆیان بپاریزن. لەلایەکی دیکەوە پیویستیان بەوەهەیە کە ئیوە زەخت بخەنە سەر حکومەتی بەغدا، زەخت بکەنە سەر ئەمەریکا کە مفاکانی ژنان بسەلمێنن. دژ بە دەستورێك بن کە لەعیراقدا بی مافی بۆ ژنان کردۆتە قانونو قەتلو عامیان دەکات...

ئەمرۆ لە 8 مارسدا ژنانی عیراق لە هەمووکات زیاتر پێویستیان بەهاودەنگیو هاوپشتی ئێوە هەیە، من پیم وایە مافەکانی ژنان جیهانین، بۆیە پیویستە ئیوەو هەموومان دەستی کۆمەکی سیاسیو مەعنەوی ماددی بۆ ژنانی عیراق دیژ بکەین لە پیناو بەدیهینانی ئاواتو ئامانجەکانیان لە یەکسانی هەمەلایەنەی نیوان ژنانو پیاودا کە ئەم خواستە ئەمرۆ بەستراوەتەوە بە کردنە دەرەوەی داگیرکەرانو هینانەمەیدانی حکومەتیکی سکولارو ناقەومی... دەکەواتە با 8ی مارسی ئەمسال بکەینە رۆژی هاوخەباتیمان لە پیناو دابینکردنی مافەکانماندا.

بژی 8مارس

بژی خەباتی رێکخراو یەکگرتوی ژنان لە پیناو بەدەستهینانی مافەکانیاندا

**ئالا فەرەج**

**نوینەری ریکخراوی ئازادی ژن لە فنلند**

2007/3/8